پەروەردەو.. رۆحپەوەری
بەشی دەیەم

فەندەمێنتالیزم- ئووسڵییەت- خۆی دەنێو هەر بەرگ و رەنگێکدا بشارێتەوە، چ مەسیحی و چ یەهوودی و چ ئیسلامی بێت، دەمانباتەوە سەر هەمان دۆخی کوێربوون و نەبینینی جیاوازییەکان، قووڵ روانین بۆ ناو ئاخنی هەر هەموو فەلسەفەو ئایین و دیاردەکان وامان لێدەکات رێز لەو جیاوازییانە بگرین کە مرۆڤ وەك خاوەن رۆحێکی گومانکارو پرسیارکەرو رارا وەدەردەخات، هیچ کام لەو جیاوازییانەش کە دەکەونە نێوان مرۆڤەکان کۆمەڵە خەسڵەتێکی زگماکی نین، بەتایبەتی لە رووی خەسڵەتە رۆحییەکانەوە، هەمیشە لەوەدا شوێنەکان و کاتەکان دەستنیشانی ئەو جیاوازییانە دەکەن، بەواتا جەبری جوگرافیاو مێژوویەکی دیاریکراوو سەپێندراوە، گەر وا بێت چ پێویست بە دەمارگیری و رۆحی توندوتیژی و ملهوڕی و دەسەڵاتخوازی و سەردەستەیی کەسانێك بەسەر کەسانێکی دیکەدا دەکات؟
رەنگاو رەنگی و جیاوازییەکانی ناو خودی سروشت و مرۆڤ خۆی وامان لێدەکات ژیرانەتر بەو دونیایەی خۆمان قایل بین، راستتر وایە بەدوای ئەو رەهەندە قووڵەدا بگەڕێین کە لە رۆحی هەر زاتێکدا هەیە، بێ حیکمەت نییە کە وتراوە چاو پەنجەرەی رۆحە، دەستەواژەیەکی ئاواهی بەسە بۆ ئەوەی تێبگەین کە کەسەکان وەکو یەك نین ئەگینا ئەم سەرزەمینە پڕ دەبوو لە بوونەوەری هاوشێوەو لەیەکچوو، مانای قووڵ و شاراوە لە پشت ئەم جیاوازییانەوە پێماندەڵێت کە ئێمە لەوەدا هاوبەشین کە کۆمەڵە زاتێکی جیاوازین، نەك گردبوونەوەی کۆمەڵێك شتی بەسەریەکدیدا کەڵەکە کراو.
ترسناکی ئایدۆلۆژیای رەسمی لەوەدایە کە دەیەوێت لە ناو یەك بۆتەدا بمانتوێنێتەوەو لەناو یەکجۆر حوکمڕنیدا هەموومان کۆ بکاتەوە، جا چ بەناوی خوداوە بێت و چ بەناوی قەیسەرو سەرۆك و پادشایەکەوە بێت.
شتێك نییە بەناوی رۆح جگە لە هەموو خەسڵەت و پێکهاتە زیندووەکانی ژیانی مرۆڤ لەسەر هەموو ئاستەکان کە بەناوی قەیسەرو سەرۆك و پادشایەکەوە بێت.
شتێك نییە بەناوی رۆح جگە لە هەموو خەسڵەت و پێکهاتە زیندووەکانی ژیانی مرۆڤ لەسەر هەموو ئاستەکان کە دواجار دەبنە بابەتەگەلێك بۆ ناسینی ئەو رۆحە کە دەکرێت کۆی رەفتارو مۆراڵی ئێمە بێت، بیرمان نەچێت کە رۆح بۆ خۆی پێویستی بەو خۆراکە هەیە کە بە زیندوێتی بیهێڵێتەوە، لە رۆژگاری ئەمڕۆکەدا زۆرن ئەو ژینگەو سەرچاوانەی کە دەبنە مایەی پووکانەوەی رۆح، چونکە کەلتووری بەرخۆری- ئیستهلاکی- و خولقاندنی مرۆڤی تاك رەهەند دەنێو شارستانییەتێکدا کە بەجۆرێك پەروەردە کرابێت جگەلە رۆڵی بەرخۆری و مشەخۆری و چڵێسی بە هیچ کام لە رەهەندەکانی دیکەی ئاشنا ناکات کە دەبنە مایەی گەشەکردن و زیندوو کردنەوەی رۆح،ژمارەیەکی زۆر لە مرۆڤی سەردەم لەو گیاندارە دەچێت کە جگە لە خەسارکردنی شتەکانی دەوروبەری هیچی دیکە نازانێت، هیچ کاتێك وەك هەنووکە مرۆڤ گیرۆدەی تەماع و لەزەتە کورت خایەنەکان نەبووە، خودی مرۆڤ لە بۆشاییەوە گەشە ناکات و پێناگات، هەر کەسێك کە هەڵگری رۆحی تایبەت بە خۆیەتی جگە لە ژینگەی دەوروبەر و کۆمەڵگا هیچ سەرچاوەیەکی دیکەی نییە تا ئەو رۆحەی تێدا پەروەردە بکات، ئێمە کەسانێکین لەناو کۆمەڵگاو دنیایەکی گەورەتردا، کەسمان تەنیاو رووت و قووت بۆ خۆمان ناژین، ئەوە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە کە دەستنیشانی جۆری ژیان و بیرکردنەوەو رۆحی ئێمە دەکات، جا ئەو رۆحە چ رۆحێکی هەژار بێت و چ دەوڵەمەند، رۆحی هەر یەکێك لە ئێمە رەنگەکانی خۆی لەو دەوروبەرە قەرز دەکات کە تیایدا نەش و نوما دەکات، ئێمە کچان و کورانی ئەم سەر زەمینەین و دابڕ نین لە مرۆڤایەتی و بگرە لەمەملەکەتی گیاندارەکان و مەلەکانی دیکەش دابڕ نین... بەشێکی تەواو کراوو تەواو کەری ئەم گەردوونەین.
گرفتی هەرە سەرەکی ئێمە لەوەدایە کە بووینەتە ئەندام لەو کۆمەڵگایەی کە دەکرێت رۆح بەشێوەیەکی زۆر هەژارانە پەروەردە بکات، کۆمەڵگا بە هەموو پێکهاتەو دەستەو تاقمەکانی خۆیەوە،

ئايین پەروەر بێت یان دژە ئایین، پاك و خێرخواز بێت یان بەدنیهاد، گەندەڵخواز یان مرۆڤپەروەر، خوێناوی بێت یان ئاشتیخواز، خودی کۆمەڵگا هێزو توانایەکی ئەوتۆی تێدایە کە خۆی بەسەرچاوەکانی رۆحی هەر هەمووومان بزانێت، هەمیشە کۆمەڵگا وەك تەنێك چاوەڕوانە کە رەنگی رۆحی ئێمە بەرۆحی گشتگیری خۆی رەنگڕێژ بکات، پیرۆزی رۆحی هەر یەك لە ئێمە لەوەدایە چەندە هاوشێوەی ئەو رۆحەین کە ئەو کۆمەڵگاو جڤاتە پێمانی دەبەخشێت، هەمیشە پیرۆزی رۆحی هەر یەك لە ئێمە لەوەوە هاتووە چەندە پیرۆزییەکانی ئەو کۆمەڵگایە دەپارێزین و چەندە خۆمان بە قەرزار باری هەموو ئەوانیدیکە دەزانین کە دواجار دەکاتە دروستبوونی رۆحێکی یەك رەنگ، دواجار ژیان دەنێو کۆمەڵگا داخراوو تەقلیدییەکاندا کە یەکێك لەوانەش ئێمەین پێشمەرجێکی هەیە لەتەك ئێمەدا بۆ زیندەگیکردن، ئەویش ئەوەیە کە بەهەموو ئەفسانەو هەقایەتەکانی قایل بین، بە هەموو یاسا و رێساو فۆرم و مۆراڵێك کە لە زۆرکاتدا جگە لە هەژاربوونی رۆح هیچی دیکەی بەدواوە نییە، زۆر جارانیش مەرگی یەکجارەکی رۆح.

هەر لەخۆوەو بەهەوەنتە نییە کە وتراوە ئێمە لەو خاك و گڵەوە هاتووین، یان پەروەردەی ئەم خاك و گڵەین، خاك و گڵ هەر بەتەنیا کەرەستە مردووەکانی سەر زەمین نییە، بەڵکو منداڵدانێکە کە ئێمە لەوێوە هاتووین، هەر لەوێوە هەموو خەسڵەتە رۆحی و بایۆلۆژییەکان هەڵدەگرین، کە دەوترێت ئەم خاك و خۆڵە یان نیشتمان دایکمانە، ئەوەندەی کە هەڵگری مانا رۆحی و ناوەکییەکانە، ئەوەندە مەبەستی خەسڵەتە بەرچاوەکان نییە، ئەوەی ئەمڕۆکە روو دەدات و مرۆڤی هەژارتر کردووە لە رووی رۆحییەوە دەرهاتنی مرۆڤە لەناو سروشت و سەرزەمینێکی پاك، مرۆڤ لەتەك هەموو رەگەزەکانی ناو ئەو سروشتەدا بە گیاندارو بێ گیانەوە وەك بابەتێکی جیاواز چاوی لێدەکرێت، بەڵگەش ئەوەیە کە مرۆڤی سەردەم گەرەکییەتی هەموو سەرزەمین و بگرە ئاسمان و ئەوەی کە سروشتی ناوە بەهەر هەموو پێکهاتەو رەگەزەکانەوە بخاتە ژێر رکێفی خۆی و دەستەڵاتی بەسەردا بگرێت، هەنووکە ئەم بوونەوەرە لەو منداڵدانە پاکە هاتووەتە دەرێ و گەورە بووەو ئەوەندەی بۆی بکرێت کار لەسەر وێرانکردنی سەرزەمین دەکات کە دواجار وێرانکردنی بوون و گەوهەرو رۆحی خۆیەتی، مرۆڤ چەندە شانازی بەبەرهەم و داهێنان و دەستەکەوتەکانی پیشەسازی دەکات، چەندە دڵی خۆشە بە تەکنەلۆژیا، زۆر لەوە پتر ئەمڕۆکە گیرۆدەیە بەدەست کاریگەرییەکانی ئەو پێشکەوتنە خێرایە، مرۆڤ لەبری ئەوەی خۆی لەگەڵ داواکانی ئەم ئەستێرەیە رابێنێت و بکەوێتە دڵداری لەگەڵ رۆحی ئەو سروشتە و سرووشی –ئیلهامی- لێوەربگرێت، کەچی دڕندانە مامەڵەی لەتەکدا دەکات و بەپێچەوانەی رۆحی زیبابییەوە کار دەکات و ژینگەو سروشتی دەوروبەری خۆی کاول دەکاتن، رۆژ بە رۆژ بەو رۆحە نەوسن و چڵێسەوە گەرەکییەتی هەر هەموو ئاوو هەواو سەوزایی و زیندەوەرەکانی سەرزەمین بکات بە خزمەتکاری خۆی، چەندە پتر خۆی کردووە بەخودان و کەڵەگای سەر هەموو شتەکان، ئەوەندە پتر کەوتووەتە ژێر بارو خاوەن رۆحێکی پەژموردەو نیوە مردوو.

گەرچی وەك بوونەوەرێك لەناو مێژوودا کار دەکەین، بەڵام کاس و گێژترین لەوەی بزانین بەناوی عەقڵ و تازەگەری و پێشکەوتنەوە خودی ژیان و بوونی خۆمان وێران دەکەین، چەندە دوژمنی ئەو لانکەی خۆمانین، چەندە دڵڕەقین بەرانبەر ئەو منداڵدانە، خەریکە پەیوەندی رۆحیمان بەم سەر زەمینەو هەر هەموو خەڵقەندە زیندووەکانی بەرەو نەمان دەچێت کە دواجار ئەوەش لەناوچوونی رۆحی خۆمانە.

زۆرن ئەو نووسەرانەی کە باس لە شارستانییەتی خۆرئاوا دەکەن و بەگومانەوە لەو کەلتوورە دەڕوانن کە پتر کاری لەسەر وێرانکردنی رەهەندە رۆحییەکانی زیندەگی مەردوومەکانی کرد، دواجار بەفراوانبوونی جیهانگیری رۆحی بەرخۆری- ئیستهلاکی- مرۆڤی رۆژئاوایی و کەم و زۆر ئێمەشی گرتووەتەوە، مەترسی لەوەدایە کە دیار نییە ئێمە وەك کۆمەڵگایەك کە تا دوێنێ بە گاجووت زەوی کێڵاوەو ئەمڕۆکە وازی لێهێناوەو شارەکانی پڕ کردووە لە کۆنکرێت و بانگەشەی بە(دوبەی کردنی) کوردستان دەکات خاوەنی چ رۆحێك بووین؟ ئاخۆ دەکرێت بڵێین ئێمە بەشێك بووین لە سروشت و جەنگاوەر لەوەختی هەڕەشەو مەترسیدا؟ جوتیارو گاوان و شوان لەوەختی ئاسوودەگیدا، بۆ من زەحمەتە

پێناسەی خەسڵەتەکانی رۆحی مرۆڤی کورد بکەم بەر لەو بەرکەوتنە بەرۆحی تازەگەری رۆژئاوا کە هیچی ئەوتۆی نەخستە سەر ئەو رۆحە غەمگین و ماندووەی ئێمە، رۆحێك ئەوەندەی مەرگدۆستە، ئەوەندە ژیاندۆست نییە، رۆشنگەری تا هەنووکە بایی ئەوەندە رێگەی پێنەدراوە کە گۆشە تاریکەکانی زیندەگی رامیاری و کۆمەلایەتی و فەرهەنگی ئێمە رووناك بکاتەوە، لەوەدا دەزگای پەروەردەو هەر هەموو دەزگا کۆمەلایەتی و بەناو مەدنییەکان گوناهبارن، دەنێو کەلتووری ئێمەدا پێناسەیەکی دووانەیی بۆ رۆح هەیەو هەبووە، رۆح پاکە یان پیسە، لەگەڵ خودایە یان نەگریس و دژ بەخودایە. سەیریش لەوەدایە کە یەکەمین شت کە لە رۆژئاواوە بەئێمە دەگات نە چاپخانەیە، نەدەزگای چنین و نەتراکتۆرە، بەڵکو تفەنگە، بەر لە دروستکردنی قوتابخانەش بە دیزاینی تازە بەندیخانە دروستدەکرێت.
هەنووکە هەر لە ترسی ئەو رۆحە دینییەدایە کە ژمارەیەکی زۆر لە ئاینپەروەران، بەتایبەتی موسڵمانە سەلەفییەکان، هاوار دەکەن و دەترسن لە تەقینەوەی ئەو تەکنەلۆژیایە لەماڵەکانی ئەواندا، رۆحی تیرۆرو خۆ تەقاندنەوە هەوڵێکە بۆ بەرگرتن بەو تەقینەوەو شۆڕشی تەکنەلۆژیایە، بەهەزارەها هەن کە تەلەفزیۆن و سەتەلایت و مۆبایل و ئینەتەرنێت بە ئامرازەکانی شەیتان ناوزەد دەکەن، تا ساڵانێك لەمەوبەر قوتابخانە مۆڵگەی شەیتان و علومی زەندەقەو کوفر بوو، سەرکۆت کردن لەژێر ئاسمانی شیندا ئەوپەڕی بێ شەرمی بوو.. تا هەنووکەش ئەم شەڕە نەبڕاوەتەوە، قژبڕینی چەند کچە قوتابییەکی(خورماڵ) لەلایەن چەند مامۆستایەکەوە دوا هەقایەتی سەرەتای سەدەی بیست و یەك نابێت، ئەو فۆبیاو ترسە بەردەوامە کە زادگاکەی هەر قوتابخانەکانی خۆمانە کە ساڵ دوای ساڵ بەهەزارەها مرۆڤی نیگەران و دڵڕەق و زەندەقچوو لەبەردەم جوانیدا دەخولقێنێت.
ترسێکی قووڵە لەوەی کە جیهانگری گەمەیەکی تازەی رۆژئاوایە تا کەڵەگایی خۆی بەسەر رۆژهەلاتدا بسەپێنێت، ترسێکە لەوەی کە رۆحی پاکی رۆژهەلاتی و ئیسلامی بەرۆحی چڵکنی خۆیەوە گڵاو بکات، دژواری و موفارەقەکە لێرەدایە کە ئەو خوداناسانە ئامادەن بە کلاشینکۆف و چەك چەکباری خۆرئاوا دژ بە شارستانییەتێك بجەنگن کە ئینتەرنێتی پێبەخشیوون تا شەڕ لەبەرانبەر کافرەکانی سەرزەمین بکەن، سواری ئەو کامیۆن و جێب و ماشێنانەش دەبن، نەك ئەسپ، کە ئەو کافرانە دروستیان کردووە، گەر رۆژئاواو پرۆژەکانی جێگەی گومانن لە روانگەی فەندەمێنتالیستەکان، بۆچی دەبێت سەتەلایت و مۆبایل و تەلەفزیۆنەکەی حەرام بن و کەچی کلاشینکۆف و ئینەتەرنێت بۆ جەنگی- جیهادی خەلاتی ئاسمان بن؟ گەر ئووسڵییەت گەڕانەوەیە بۆ هەموو بەها پیرۆزەکانی(سەلەفی ساڵح) و هەر هەموو دەقە ئەبەدییەکان، بەهەمان ماناو ئەندازە گەڕانەوە بۆ ئەسپ و شمشێر راستتر دەکەوێتەوە لەپەنابردنە بەر مین چاندن و کلاشینکۆف و ئینتەرنێت، ئەوانە چەندە ئاسمانی و رۆحانی بن جێگەی گومانن کە بەرۆحێکی سوودمەندانەو پراگماتیکی شتەکان هەڵدەبژێرن و دواجار دوور لە رۆحی ئایدیاڵی خۆیان و زۆر مادییانە حەلاڵ و حەرام لەیەکدی جیا دەکەنەوە، ناکرێت بڵێین ئەمجۆرە عەقڵە خاوەنی هەمان ترسی(هێربێرت مارکوز)ە بۆ پووکانەوەی رۆح، نەخاوەنی پرسیارو گومانەکانی هاشم ساڵح و سادق نەیهوم و فۆکۆو هابرماس ن، ئەوان تەنیا یەك ترسیان هەیە بەوەی کە ئەم سەرزەمینە بووەتە سەرزەمینی شەیتانەکان و مەرجە پاك بکرێتەوە.
بەگەڕانەوە بۆ خودی کۆمەڵگە تێدەگەین چۆن کۆمیونتی دەبێت بەسەرچاوەکانی گەشەکردنی رۆح یان پووکانەوەی، گەر خودی کۆمەڵگە سەرچاوەو نیشتمانی گەشەی رۆحی بێت، منداڵدانی زۆر ساغی رۆحێکی زیندوو بێت، تێکچوونی ئەو سەرچاوەو منداڵدانە تێکچوون و شێوانی رۆحە، لەکۆمەڵگایەکدا کە ترس و شەرم و ریاکاری لەبەردەرگاکان وەستابن، سەیر نییە رۆح سەرگەرمی سازشکردن و درۆکردن بێت، شیزۆفرینیا چییە جگە لە کەرتبوونی رۆح و شکانی، ناسینەوەی نیشتمانی رۆح پێماندەڵێت کە چۆن چۆنی سیستمی ئابووری هاوچەرخ پێویستیە هەرە زیندووەکانی رۆحمان پیس دەکات، چونکە مەرجی یەکەم بۆ ئەو سیستمە ئابووری- جیهانیگرییە خودی قازانج و سوودمەندییە.

لەجیهانێکدا کەقازانج و بەرژەوەندی تاکە کەسەکان پاڵنەری بزاف و جوڵەی کۆمەڵایەتی و ئابووری بێت، ئاسان نییە رۆح بەپاکی و زیندوێتی حۆی بمێنێتەوە، هێمنی و ئاسوودەگی و بەخشینی کاتێکی زۆر بۆ وردبوونەوەو تێڕامان دەنێو جەنجاڵی بازاڕەکانی ئەمڕۆکەدا مەحاڵە، کەسانی شەیدا بەچوونەوە ناو ژیانێکی رۆحی هەتا گەر بەناوی داهێنان و جوانپەرستی و تێڕامانیشەوە بێت بە کەسانی نەخۆش و شێت و دواکەوتوو لەقەڵەم دەدرێن، کەسانێکن وەك دەروێش و پەتیارەو مایە پووچ سەیردەکرێن، خۆشێتکردن لە پێناو پێویستی و کەرەستە مادییەکان کە ریکلام بازاڕەکانی خۆشتتر دەکات بوارێك نادات بەوەی خودی رۆح عەوداڵی خەون و خەیاڵی دیکە بێت، بەڵکو رۆح دەکوژێت و پەژموردەی دەکات، هەر لە دیدگایەکی پەروەردەییەوە ئەم دۆخە پێویستی بە گۆڕین هەیە، بۆئەوەش ئەرکی یەکەم ئەوەیە چارەنووسی رۆحی خۆمان بخەینەوە ناو دەستی خۆمان، ئەمەشیان بەتەنیا چەند وشەیەك نییە بۆ ماڵداری و پەروەردەی خێزانداری، بەڵکو دواجار چوونە ناو سەرکێشییەکی رۆحی و بەرەنگاربوونەوەیە لەگەڵ رۆحێکی بازاڕی و دوژمنکارانە بەمرۆڤ، مەرجە بزانین کە جیهانێکی دیکە لەو دیو ئەم ئەزموونە عەقڵی و سۆزداری و فیزیکییەی ئێمەوە هەیە، جیهانێك کە گەورەترە لەوەی بەتەنیا پێنج هەستەکە دەرە قەتی بێن، دەرەقەتی پەردە هەڵماڵین لەسەر نهێنی و گەوهەرەکانی بوون و نەبوون، جیهانێکە کە بەم خەیاڵە هەژارو بەم رۆحە کوژراوو پەژموردەوە دەرەقەتی تێگەیشتنی نایەین.